غیابی دەق و کاولکردنی جیهانی چیرۆک

«بە یادی ڕەوایەتی بێ بڕانەوەی ژیانم، سەلاحی خۆشەویست»

محەمەد ڕەحیمیان
(تیکاب)

وەبزانە ڕۆژێک یەکێک لە دوو قوربانییەکەی ئاشپەزخانەی ئەژدیهاکی کە پاش بەڵێنی نەجات بە دەستی ئاشپەزە خێرخوازەکان، لە ناکاو پشکی مەرگ بە ناوت دەرچێ و ئەوی پەنات ڕزگار بێ و تۆ ببیە خۆراکی ئەو ڕۆژەی مارەکان، یان کەوتوویتە تۆڕی ئەنفال و لە لێواری کەنالێک ڕاوەستاوی و چاوەڕێی فەرمانی تا قەڵەمبازدەیە ناو کەنالەکەو بیلدۆزەکان بتسپێرنە باوەشی خاک، یان ڕۆژێک لە ناو ئانبولانسێک، گەرمای دەستەکانی خۆشەویستێکت بە بارستەی سەرمایی ساردخانەی بیمارستانێکی بۆکان موچڕکت پێدا بێنێ، یان... ، دیارە ئەمانە تێکڕا ئەزموونە کاتییەکانی جیهانی واقیعین کە نە دەردەبڕدرێن و نە کەس بە بێ کەوتنە ئەو بارودۆخە لەم ئەزموونانە تێدەگا، ئەزموونگەلێک کە تەنیا جارێک دەئەزموونرێن و کۆتاییان پێ دێ، چیرۆک ڕەوایەتی ئەم ئەزموونانە و هەزاران ئەزموونی تر کە لە جیهانی واقیع و بە شێوەی زیندوو ڕوودەدەن و واقیعێک بە ناوی ئەزموونی ژیان پێکدێنن.

گرینگ تێگەیشتن لە پێوەندی نێوان جیهانی واقیع و جیهانی چیرۆکە و شرۆڤەی ئێمە لەم پێوەندییەدا یەکەم مەرجی تێگەیشتن لە خەسڵەتی چیرۆکە، ئەگەر بێتو ئەو دوو جیهانە دەقاودەق وەک یەک لێکدەینەوە، تووشی ڕیالیزمێکی ڕووت و پەتی وەک «پێکەنینی گەدا»ی «قزڵجی» ، یان بەرهەمێکی بەلاغی و ئەدەبی وەک «هاوارەبەرە» دەبین، یان گەر هاتو جیهانی چیرۆکمان وەک فانتازیایەکی دابڕاو لە واقیع لێکدایەوە، لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی «سیاسوت» و «هەشتەمین ڕۆژی هەفتە» ، ڕووبەڕوو دەبینەوە.

«لووکاچ» بێ ئەوەی خۆی بە فۆرمالیزمەوە ببەستێتەوە، لە مەودای ئەو دوو جیهانەدا فۆرم بەدی دەکا، بە چەشنێ کە جیهان بە واقیعی زیندوو دەزانێ و هونەر بە ئەزموونی ئەو واقیعە کە فۆرم لێکیان جیا دەکاتەوە، «پۆل ڕیکۆر» جیهانی واقیعی بە پێشقەوارەبەند (پیشاپەیکەربەندی) و جیهانی هونەری بە قەوارەبەندی (پەیکەربەند) لە قەڵەم داوە، ئەزموونەکانی ڕۆژانەی ئێمە لە بەستێنێکی نامەعریفی و پێشناسین (پیشاشناخت)دان کە پێویستە فۆرمالیزە بکرێن و وەک گەڵاڵەیەکی ئەدەبی، قەوارەی هونەری بگرنە خۆ، بە لای «ڕیکۆر»ەوە بەبێ ئەم قەوارەیە، مەعریفەیەک سەبارەت بە ئەزموونەکانی جیهانی واقیع هەبوونی نییە، پەیکەربەندی داوردنێکە لە پێش ناسینەوە بۆ ناسین، جیهانی هونەر (قەوارەبەندی) بەهۆی فۆرمەوە، گەلێک پێگەیشتووتر و تەواوترە، «لاسایی بە مانای وێناندنی ئەو شتانە نییە کە پێشتر لەوە هەنە، بەڵکو بە جۆرێک پێگەیشتنی مانا لە بواری کردەوە دایە، بیچمێکی پڕ بایەختر لە جیهانی واقیعە، وەک واقیع خۆی ناچێ، بەڵکو لە بواری لاسایی کردنەوەی واقیع، داهێنانێکی لەگەڵە»، هونەر تەواوکەرەوەی مانا نیمەچڵ و ناتەواوەکانی جیهانە.

بەردەنگی چیرۆک لە جیهانی چیرۆکدا لەگەڵ واقیعێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەو واقیعە جیاوازە کە لە ژیانی ئاسایی خۆی لەگەڵیدا دەژی! هەر بەو هۆیەیە کە فۆرمی ئەو ئەزموونانە جیاوازن، لە جیهانی چیرۆک کە کەرەستەی مەعریفەیەکی تازەی پێیە، لەگەڵ ئەزموونێکدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە قەوارەیەکی نامۆی بە خۆوە گرتووە کە هەر ئەم نامۆییەش دەبێتە هۆی چێژ و ئەزموونێکی جیاواز لە جیهانی واقیع، فۆرمی داڕشتنی چیرۆک، یان زمانی ڕەوایی ئەو سیحرەیە کە بە خوڵقاندنی قەوارەیەکی نامۆ، ساوگەکانی جیهانی واقیعمان لێ دەکاتە ئەزموونێکی نوێ و چێژاوی کە بەرەو مەعریفەیەکی تازە، بگرە قوواڵتر و دەروونیترمان دەبات.

چیرۆک بە دەق کردنی جیهانی واقیعە کە بە پێی زۆربەی چیرۆکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، غیابی دەق غیابی جیهانە و نەبوونی جیهان، بنەڕەتیترین خەساری دەق (چیرۆک)ەکانی ئێمەیە، جیهانی چیرۆک

حەسەن قزڵجی

جەمسەری هونەر و ئاگایی و واقیعە کە بە هۆی ژانری مۆدێرنی ڕەوایەت دەخوڵقێ.

ڕەوایەت وەک فۆرمێکی زمانی، سەرەکیترین جیاوازی نێوان جیهانی واقیع و جیهانی چیرۆک دەستنیشان دەکا، وەختێ ئەزموونە واقیعییەکان لە قەوارەی نامۆیی ڕەوایەت سەر لە نوێ دێنە ئاراوە، ئیتر جیاوازن لەو ئەزموونانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە لەگەڵیان دەستەوئێخەیە، بە واتایەکی تر، ڕەوایەت داڕشتنەوەیەکی تازەی جیهانی واقیع و ئەزموونەکانیەتی، داڕشتنەوەیەک کە بینایەکی تازە لە جیهان دەخوڵقێنێ کە هەم ئاشنایە و هەم نامۆ، ئاشنایە بەو هۆیە کە لەگەڵ واقیعی ژیانت یەکانگیرە، نامۆیە بەو هۆیە کە خەسڵەتێکی تازەی ڕەوایی گرتووەتە خۆوە.

ئەگەر چیرۆک بە دەق کردنی جیهانی واقیع بێ، سەرەکیترین خەسڵەتی ئەم دەقە بنەمایەکی ڕەواییە کە لە کۆڕی زماندا چێ دەبێ، ڕەوایەتێک کە کۆی چێژ، شوناس، مێژوو، واقیع، زەینی نووسەر، خۆئاگایی سەردەم، تێگەیشتن لە ڕاستەقینە حەشاردراو و نکوڵی لێ کراوەکان و «ئەدۆرنۆ» گوتەنی «شادمانییەکی داڕماو»ە، تێگەیشتن لە خەسڵەتی چیرۆک ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر تێگەیشتنمان لە پێوەندی دەق لەگەڵ زمانە ڕەواییەکەی و کۆی ئەو بابەتە ئاماژەپێکراوانە کە

لەم مەیدانەدا حزووریّکی ڕەواییان هەیە.

بەم پێیە بنەڕەتیترین خەساری چیرۆکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەق نەکردنی ئەو جیهانەیە کە چیرۆک بۆی هەیە بیخوڵقێنێ، نەبوونی ئامادەیی ڕەوایی مرۆڤ و جیهانی ئەو و با بڵێین ئەزموونەکانیەتی.

چیرۆک لای ئێمە بە هەوڵ و وریایی «ڕەحیمی قازی» و «حەسەنی قزڵجی» دەستی پێکرد کە یەکێک لە خەسارەکانی کە هێشتا وەک پەتایەک لە کۆڵی نەبووەتەوە، نەبوونی پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، ئەو پێویستییەم مەبەستە کە ئالۆگۆڕە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و هەستیناسانە و ئەدەبییەکان، ژانرێکی نوێ بە ناوی چیرۆک بە مانا مۆدێرنەکەی دەزێنە ناو کۆمەڵگاوە، ئەو کەشوهەوایە کە «داهێنانێکی ڕەوایی» وەک پێویستییەک دەزێتە ناو کۆمەڵگاوە.

تاقیکاری ژانری چیرۆک لە ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی «ڕەحیمی قازی» و «پێکەنینی گەدا»ی «قزڵجی» وەک ڕەوتێکی سەردەمیانە و بۆ دەربڕینی هەستێکی ئایدیۆلۆژیکی و بە مەبەستێکی ڕۆشنبیرانە و بۆ وەسفی دۆخێکی تایبەتی کەوتووەتە گەڕ، بێ ئەوەی کۆمەڵگا هەست بە پێویستی ئەم ژانرە بکات، یان مەزاقی ئەدەبی جەماوەر بۆ چێژ وەرگرتن لەم شێوە ڕەواییە هەست بە بۆشاییەک بکات، با بڵێین دۆخی سەرهەڵدانی چیرۆک هێشتا ئامادەیی بە ڕەوایی کردنی خۆی نەبووە، خوێنەری ئەو سەردەمە ئەم چیرۆکانەی بە نیازی تێرکردنی هەستی نەتەوایەتی و ئایدیۆلۆژیای نیشتمانپەروەری، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی خوێندووەتەوە، نەک بۆ تەسەل کردنی نیازێکی نوێ کە بۆ مرۆڤی سەردەمی تازە وەک ڕووبەڕوو بوونێکی ڕەوایی لەگەڵ جیهان خوڵقاوە، نەک بۆ ڕاڤەیەکی ڕەوایی لە جیهان و ئەزموونەکانی و چوونە نێو جیهانێکی ڕەوایەتی، وەک ئێستاش چیرۆکی ئێمە لەگەڵ تەنگژەی خوێنەر ڕووبەڕووە و زۆربەی خوێنەرەکانیش هەر بە هەستێکی نیشتمانپەروەرانەوە بەرەو پیری چیرۆکی کوردی دەچن، نەک بۆ ئەزموونی دنیایەکی تازە، نەک خوێندنەوەی ڕەوایی جیهان، نەک هەنگاو هاویشتنە بواری شێوە مەعریفییەکی نوێ لە ژیان و مرۆڤ و گرینگتر لەوانەش شێوە چێژێکی هونەری و مەعریفی، دیارە ئەگەر هاتو کۆمەڵگا ئەوانەی وەک پێویستییەک نەخستە بەر خۆی، ئیتر چیرۆکیش ئەستەمە ئەو خەسڵەتانەی لێ بێتەوە، هەڵبەت نامەوێ بڵێم چیرۆکی ئێمە لەو خەسڵەتانە بە گشتی بێ بەرییە، بەڵام زۆر جار ئێمە خۆمان لەو بارودۆخە دەخافڵێنین کە لە ئامادەیی پێکهێنانی پێویستی داهێنان بێ بەشە، پێویستی داهێنان لە کۆمەڵگای دۆخی دەرەبەگایەتیدا، شێوازی بەیت و حەقایەتی وەک ژانرێک پەرە پێدراوە و چێژ و قەوارە و مەعریفە و جیهانی تایبەتی خۆی داوەتێ، خەسڵەتگەلێکی دەروونی خستووەتە گیانی کە وەک شتێکی زاتی لێی نابێتەوە، هەر ئەو پێویستییە بووە کە پەیتاپەیتا دەرفەتی هەڵڕەخسانی ئەو هەموو بەیت و حەقایەتەی دابین کردووە کە ئەمڕۆ بە لە ناوچوونی ئەو پێویستییە، ئیتر ئەو شێوە ڕەواییە ناخوڵقێ و بە واتایەکی دی، بایەخی ڕەوایی خۆی لە دەست داوەو ئێستا کۆمەڵگای ئەدەبی ئێمە تەنیا بۆ شیکاری و لێکۆڵینەوە ئاوڕ لەم شێوە ڕەواییە دەداتەوە.

ڕەوتی چیرۆک پاش «پێکەنینی گەدا» بە هۆی ئامادە نەبوونی ئەو کەرەستەگەلەی کە وەک پێویستی بە گەڕ خستنی چیرۆک ئاماژەمان پێ کرد، تووشی دابڕان و بێدەنگییەکی یەکجار درێژخایەن بووە کە لە پاڵ ئەو هەموو هۆیە مێژوویی و ... کانی ئەم بێدەنگییە، دەبێ کەم تابشتی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بۆ بیناکردنی سوننەتێکی ئەدەبی و بە ڕەوت کردنی چیرۆکنووسی کوردیش لە بیر نەکەین.

پاش «باقە بێنی» ئەحمەدی قازی (١٣٦٠) گۆڤاری سروە لە سەرەتای بڵاو بوونەوەیەوە(١٣٦٤) لە هەر ژمارەیەکدا دەستی دایە بڵاو کردنەوەی کورتە چیرۆک تا لە حەفتاکاندا زریکە و تەنگانە و هاوارەبەرە و خەوەڕاو و مزگێنی و پەپوولەکانی مەرگ و سیاسووت و زنجیرە چیرۆکەکانی خۆر و...تاد بڵاو بوونەوە و جموجوولێکی باشیان خستە هەناوی چیرۆکنووسییەوە کە بە داخەوە دیسان چیرۆکی ئێمە تووشی کپی و بێدەنگییەک هاتووە کە بێجگە لە جێژنوارەیی چیرۆکنووسی بانە و تاقیکاری لەو جێژنوارەیە هەوڵێکی شیاو لەم بوارەدا نابینرێ، جێگای ڕێزە کە ئەنجوومەنی ئەدەبی بانە لەم دواییانە بەرهەمێکی بە ناوی «ڕازە» بڵاو کردووەتەوە کە کۆی چیرۆکە سەرکەوتووەکانی پێنج میهرەجانی پێشووی لە خۆی هەڵگرتوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی حەفتاکان و

پێشتر بدەینەوە، خەسار و پەتاگەلێکی جددیمان بەرچاو دەکەوێ کە دەکرێ لە چەند خاڵ دەستنیشانیان بکەین (دیارە جارێ لایەنە پۆزەتیڤەکانی ناخەینە ژێر باسەوە)

١- نەگەیشتن بە زمانێکی ڕەوایی و ئامادەیی ڕەوایەتی مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەری، یانێ دروست نەبوونی جیهانێکی ڕەوایەتی و دووپات کردنەوەی جیهانی واقیع.

٢- ئاڵۆزی و تێکەڵکاری شێوازە ئەدەبییەکان بە هۆی تاقیکردنەوەی بێ پێویستی شێوازە باوەکانی بەستێنی چیرۆک وەک ڕیالیزم و سوڕیالیزم و سیمبۆلیزم و...تاد لە لایەن یەک چیرۆکنووس، بگرە زۆر جار لە یەک چیرۆکدا ئەویش بە مەبەستی تاقیکردنەوەی شێوازی جۆراوجۆر و پیشاندانی ئاگاداری چیرۆکنووس لەم شێوازانە.

٣- هەڵبژاردنی شێوازە ئەدەبییەکان بەبێ لە بەر چاو گرتنی مەنتیقی ڕەوایی و بنیادی و مەعریفی و ناوەرۆک و کەشوهەوای چیرۆک و دابەزاندنی ئەو شێوازانە تا ئاستی تەکنیکێکی ڕووت و بێ بەری لە بناغە فەلسەفییەکانی.

٤- زاڵبوونی کلێشەکان لە بواری تەکنیک و گێڕانەوە و سیمبۆلەکان و ...تاد.

٥- نائامادەیی بۆ گەیشتن بە شێوازێکی تایبەتی کە لە داهاتوودا بکرێ وەک خەسڵەتێکی مێژوویی و ئەدەبی سەردەمی خۆی پۆلێنبەندی بکرێ.

٦- تێکەڵ نەبوونی کەرەستەکانی چیرۆک لە هارمۆنییەکی هونەریدا و زەق بوونەوەی لایەنێک و فەوتانی لایەنەکانی تر، بە تایبەت زەق بوونەوەی تەکنیک.

٧- زەق بوونەوەی فۆلکلۆر بە بیانووی خوڵقاندنی چیرۆکێک کە کەشوهەوای کوردی لێ داکەوێتەوە و نەتواندنەوەی توخمە فۆلکلۆرییەکان لە ناو شێوە گێڕانەوە و تەکنیک و شێوازی هەڵبژاردە.

٨- دەرباز نەبوون لەو کەشوهەوا نۆستالیژیک و ڕۆمانسییانە کە وەک تایبەتمەندییەک پەلی هاویشتووەتە سەر عەقڵانیەتی کوردی.

٩- بە خۆ نەگرتنی ئەو خەسڵەتەی کە شوناسی کوردی و تەنگژەکانی بگێڕێتەوە.

١٠- غیابی دینامیکێکی دیالێکتیکی دەروونی کە ئاڵۆگۆڕێکی زەوقی بهێنێتە سەر مەزاقی ئەدەبی کوردی و لە پاڵاوگەی هونەرەوە خۆ بدزێتە ناو کۆمەڵگا و ژیانی کوردەواری و ڕەوتێک لەم بوارەدا سازدا (ئەمە بە مانای قایل بوونی ئەرکێکی بایەخمەدارانە و مۆرالی و کۆمەڵایەتی، یان سیاسی بۆ چیرۆک نییە).

١١- لاوازی لە باری شوێندا خستن وەک ڕەوتێکی ئەدەبی لەسەر ڕەخنەگران کە ناچاریان بکا بە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنەوەیان دانی پێدا نا کە بەرهەمێک خولقاوە، (نایشارینەوە کە بەشێکی ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە سەر کەمتەرخەمی ڕەخنەگران، بەڵام لە بیری نەکەین کە بەرهەمە قەبەکانن کە ڕەخنەگر وە دەنگ دێنن).

چیرۆکێک کە بتوانێ مەودای فۆرمیک و ڕەوایی لە نێوان خۆی و جیهانی واقیع بخولقێنێ، دەبێتە جیهانێکی سەربەخۆی ڕەوایەتی کە هەبوونی خۆی وەک دەقێک دەسەلمێنی و خوێنەری خۆی بۆ ڕاڤە و لێکدانەوە و تێگەیین و تێفکرین و ناسینەوەیەکی نوێ بانگەشە دەکا، دیارە دەقێکی وا کە هەڵگری ستراتیژییەکی تایبەتی خۆیەتی، دەرگا بە ڕووی خوێنەری بێ ستراتیژیش دادەخا و لە فامی خۆی بێ بەری دەکا، با بزانین چەند لە سەدی چیرۆکی ئێمە جیهان و هەبوون و ستراتیژی تایبەتی خۆی هەیە و ستراتیژی سازە و ڕێگا بە بەردەنگی بێ ستراتیژی نادا؟ چیرۆکێکی خاوەن هەستی و ستراتیژی، دەبێتە دەق، یانی جیهانێکی نوێ کە لە ڕووبەڕوو بوونیدا، خوێندن و هەست و چێژێکی نوێ دەئافرێنێ.